# تاوانبارەکەی کەنار دەری

کازیوە سالح

- تۆکوشتت ؟

- نازانم

لەوانەیە وابێت، دەکرێ کوژیاربم . یان کوژراوبم ... نازانم گرنگ ئەوەیە لەئێستادا پەتێک هەیە جەمسەری هەردوولا دەبستێتەوە بەیەکەوە لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەشدا لەهەندی شتی لاوەکی دا ئازادیت، لە کەناری ئەو ئازادیەشدا فێڵباز پیاوچاکەو پێچەوانەکەشی کوژیارو کوژراوە .

بەڵام تێناگەم ئەو چێژی لەکوشتن وەردەگرت یان کوژراوی ؟

گەرچی بۆ من جیاوازی نیە، ئەگەر بەدەستی خۆم کوشتبێتم . یان من بووبم بەهۆی کوشتنی، هەرچەندە، باوەرناکەم کوژرابێت، یان نامەوی باوەڕ بکەم .... .

ئاخر نەمانی ئەو بۆ من زۆر گرانە : چونکە زۆرم خۆش کوشتنیم نەبێت؟

لە چیەوە ئەو مافەم هەبێت ؟ لەوەی لەهەموو شت زیاترم خۆش دەویست ڕاستیشە دەڵێن خۆشەویستی لە کوشتن نزیک دەکاتەوە ؟

ئاخ بیرکردنەوە لە شێوەی مردنەکەی تەزویی مەرگێکی ترسناک بەرۆحمدا دێنێت، ناتوانم باوڕ بەخۆم بهێنم کە مردووە.

نازو مەکرو خۆنواندنەکانی مەدام (کلودین) یش بردبومیە نێو بیرکردنەوە لە جیهانەکەی ئەو، ئەو جیهانەی جگە لە خۆسەپاندن و سەربارکردن جێگەی هیچی دی تێدا نابێتەوە خۆ شێوەی ڕۆشتنەکەی و خۆ بەم دیو ئەو دیوخستنەکەی و بەلووت بەرزی سەیرکردنەکەی شێت گیری دەکردم . ئەوەشی زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوم ئەو پۆشاکە بوو کە بۆ سەر دەریا پۆشیبوی، بەتەواوی پۆشاکی ئاهەنگێکی ڕۆژهەڵات بوو، شارستۆنێکی درێژ، کەنزەیەکی کەتان و هێلەکێکی شیفۆنی دا دەگرت جار جار لە نێو پەلەکانیەوە تیشکێکی زیوینی دەهاویشت، هەموو گەڵاکان لە پەل و پۆ دەکەوتن ودواجار سەری کورنۆشیان بۆ دەلەرزاند، هەتا دەرکەوتنی ئەو تۆپەڵە بەفرەکانی سەر لوتکە چیاکەی بەرامبەر نازی سپێتی بەسەر شەودا دەکرد، هەتا ...... سپێتی ئەو کردی دڵۆپە شیری داچۆڕاو، کە ئەستێرەکانیش وردە وردە بەرەوکوژانەوە ڕۆشتن و بە تەواوی جێگەی بە مانگ لێژ کرد . ئەو کات تیشکی زیونی ڕۆژ بە ئێجگاری سروشتی لە خۆ مارە برِی، لەوێدا زانیم کازیوە هەوییەکی بێ ڕەحمی شەوەو بە دەرکەوتنی، چۆن شەو پاشەکەشە دەکات . ئەویش ئاوا هەوێیەکی بۆ من هێنایە ئاراوە دەبوو من پاشەکەشە بکەم .

ئا .... . وابوو کە بەئاگا هاتمەوە . هەردووکیان سەریان نابوو بەیەکەوە و لە ئێمە تامەزرۆتر سەیری تیشکە زیوینەکانیان دەکرد لە شووشە ئوتومبێلەکەوە .

بۆ ئەوەندە بیر لە کوشتنی دەکەمەوە دەبی مافی کوشتنیم نەبێت ؟

لە چیەوە ئەو مافەم هەبێت ؟ لەوەی لە هەموو شت زیاترم خۆش دەویست وڕاستیشە دەڵێن خۆشەویستی لەکوشتن نزیک دەکاتەوە ؟

ئاخ بیرکردنەوە لە شێوەی مردنەکەی، تەزویی مەرگێکی ترسناک بەرۆحمدا دێنێت، ناتوانم باوڕ بە خۆم بهێنم کە مرووە .

نازو مەکرو خۆنواندنەکانی مەدام (کلودین) یش بردبومیە نێو بیرکردنەوە لە جیهانەکەی ئەو، ئەو جیهانەی جگە لە خۆ سەپاندن و سەربارکردن جێگەی هیچی دی تێدانابێتەوە، خۆ شێوەی ڕۆشتنەکەی و خۆ بەم دیو ئەو دیو خستنەکەی و بەولووت بەرزی سەیرکردنەکەی شێت گیری دەکردم . ئەوەشی

زەردەخەنەیەکی هێنایە سەر لێوم ئەو پۆشاکە بوو کە بۆ سەر دەریا پۆشیبوی، بە تەواوی پۆشاکی ئاهەنگێکی ڕۆژ هەلات بوو، شارستۆنێکی درێژ، کەنزەیەکی کەتان و هیلەکێکی شیفۆنی دەیوست، زیاد لەوەی مەزندە بکرێت، دەکرێت بەنرخترین شت بووبێت لەژیانی مندا . هەرواش بوو تەنها ئەو لەم تەنیایی وغەریبی یە کوشندەیەدا هاودەم و هاودەنگم بوو .

کێ باوەڕدەکات نیزکترین زیندەوەر لە خۆم بکوژم؟

هەتا ئێستاش شێوەی چاوە پڕئاوە ئەفسوناوییەکانیم ساتێک لە چاو وون نابێت . ئەو ساتەی لە گیاندادا بوو بەماتی بۆی دەنواریم، لەوانەیە ئیرەیم پێ بردبێت، هەرواشە ... ئێمە بەنیازی گەشتێکی دوو ڕۆژی بووین بۆ کەناری دەریا، کاتێکیش کەوتینە ڕێ دووی شەو بوو، تارای ڕەشی شەو نەیدەهێشت ڕووی شتەکان بەجوانی ببینین، هەتا سپێدە دەرکەوت لێی غافڵگیر نەبووم، بەلام کاتی سپێدە دەرکەوت هەمووان پێکی نیگایان پڕبوو لە نووری جوانی، ئەو کاتەی سپێدە چاوی لە درەختەکان تەنک و درێژ هەتا سەر پاژنەی پێلاوە پاژنە بەرز و نوک تیژەکانی قژی پەخش کردبوو و ئەو کچە هەرزەکارانەی کەلێ ی وروژابوون هەرجارەی یەکێکیان دەستیان بۆ تالێک لە پرچی دەبرد و دوایی دەیانگواستەوە بۆ خشل و وزیرەکانی و بۆ مەزندەی پۆشاکەکانی بەری، پەتێکیشی کردوەتە ملی سەگێکی بچووکی توکن و پێش خۆی داوەو هەندێ جار وردە راکردنێکی پڕمەکریشی بەدوادا دەکات، یەکێک لەو کچە هەرزەکارانەی لە دەوری بوو، دەیگیرایەوە کە دایکی گوتویەتی ...... مەدام کلۆدین لە نەوەی ئەوهندۆسیەیەکە لە گوندێکی دوور دەژیان ومناڵیان نەدەبوو، پاش چەندین سال لە جیاتی منال مارێکیان بوو، لە گەل ئەوەی هاوڕێی وناسراوەکان زۆریان پێ گوتن کە مارە بکوژن و خۆیان ڕزگار بکەن، دایکەکە رازی نابێ و بە خۆشەویستی دایکانە بەخێوی دەکات وسەرجەم جیهانیش دەگەڕێت هەتا ژنی بۆ دەهێنێ . بۆیە ئێستا ناز بەسەر زەویەکەشدا دەکات.

ئەم جارەیان بە کەناری دەریادا بە پیاسە دەرۆشت و بە پەتێکی ڕەنگاو ڕەنگ درێژ سەگەکەی بە دووی خۆیدا پەلکێش دەکرد ئەویش هەر خۆی رادەپسکاند بەرەو لای (تۆنی) هەتا دواجار هێندە هۆگری یەکبون بەیەکەوە چونە ژێر تاشە بەردەکانی کەنار دەریا، مەدام کلۆدینیش نە ئاگایی لە ئیرەیی بردنی من بوو، نە لە سەگەکەشی کە تەنها هاودەمەکەی لێ داگیرکردبووم .

چۆن ئاگای لێ بێت کە مەدام خۆشی تەنها کوڕێکی قۆز لە سەر دەریا بوو داگیرکردو . بەهۆی جیهانی خۆیانەوە ئاگایان لە بستێک ئەولاترەوە نەمابوو......

ئێیە خۆ منیش لە داخی هەردوولا ئاگام لە هەستی خۆم نەمابوو کاتێکیش لێی چومە پێشەوە تاشە بەردێک بەسەرسەری دا کەوتبووسەگەکەی مەدامیش هەربەدەوریدا دەجولایەوە ودەیقوزاند لەگەل ئەوەی دلم توند توند دەگوشرا خۆمم تێک نەداو ڕزگارم نەکرد، کاتێکش بە تەواوی تاساو دەریانهێنا گەرچی خوشکەکەم پێی گوتم ئەوکارە مەددام کردویەتی بەلام بەر لەوەی فریا بکەوم بە چرپەپێی بلێم چۆن؟ مەدام کلۆدین منی تاوانبار کرد، دەیگوت .

ـــ تۆ خۆشت نازانی چی دەلێت، تونی لەگەل سەگەکەی مندا یەکیان دەلێستەوە، تۆ هەلت دایە سەرتاشە بەردەکەو خستت بەسەریاندا، ئەوەی منیش قەدەر رزگاری کرد .

لە راستیدا نازانم ... . لەوانەیە وابێت، بەلام من نازانم چیم کردووە .... تەنها دەزانم لەوکاتەوە من لە کەنار دەریا دەژیم، پەتەکەی ملی هەتا مردن هەلدەگرم، نایکەمە ملی هیچ سەگێکی تر چونکە بە وەفاتر نابێت .

*ئەوانەی خەتی بەژێردا هاتووە سوود لە ئەفسانەیەکی هێندی وەرگیراوە

2001/6/21 دیمەشق